حەوت لایەنی تورکمانی پشتیوانی خەیان بە لیستی پارتی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ڕادەگەیەنن



حەوت لایەنی سیاسیی تورکمانی پشتیوانیی خەیان بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق ڕاگەیاند.

لە ڕاگەیەنراوەکدا هاوبەشدا کە ئەمڕۆ شەممە، 1ی تشرینی دووەمی 2025 بڵاوکراوەتەوە، دەستی موتەعکوتووە، حەوت لایەنی سیاسیی تورکمانی پشتیوانیی خەیان بە لیستی ژمارە 275ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا ڕاگەیاند کە بڕیارە لە 11ی تشرینی دووەمی ئەمساڵ بەڕێوەبچێت.

لایەنە تورکمانییەکان لە ڕاگەیەنراوەکەیاندا، کە بە ناونیشانی "بەیاننامەی لایەنە تورکمانییەکان سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی عێراق" دەرچوون، جەختیان لەسەر "پێیوەندییە مێژوویییە قووڵەکانی" نێوان گەلی کوردستان و تورکمان کردووەتەوە، کە هەمیشە لە چوارچێوەی برایەتی و تەبایدا بووە.

ئەوان هەرەمی کوردستانیان بە "نموونەی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان"

وەسف کردووە و ستایشی سەرکی مەسعود بارزانیان کردووە لە پشتیوانیکردنی بەردەوامی ماف و داواکارییەکانی تورکمانەکان.

ئەو حەوت لایەنە تورکمانییەی کە واژیان لەسەر ئاگریەنراوەکە کردووە:

پارتی گەشەپەدانی تورکمان

پارتی دیموکراتی تورکمان

بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمانی

پارتی ئازگاری نەتەوەیی تورکمانی

کەمەڵەی ئیشتبیریی تورکمانی

کەمەڵەی لیبرالی تورکمانی

پارتی گەزەنگی تورکمانی کەرکووک

حەوت لایەنەکە داوایان لە سەرجەم دەنگدەرانی تورکمان کردووە کە دەنگ بە لیستی پارتی بدەن، بەو هیوایەی کە نوێنەرانی ئەم حزبە لە بەغدا بتوانن "بەرگریەکی بەهێز لە ماف و داواکارییەکانی هەموو پێکهاتەکان بکەن و پارێزگاری لە بڕژووندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستان و قەوارەی هەرێمی کوردستان بکەن."